**زمانی ئاگر**

وەرە و دەستت لە چەک بەردە
کە بێزارم لە دینی چەک
کە چەک خوێنڕێژ و دڵبەردە
چەکی دەستت برای گیانی
زمانی ئاگرە و ئاسن
ئەمن ئەمما لە حاند ئەو ئاسنە دڵبەرد و خوێنڕێژە
لە ئەزمانی دڵم زیاتر
چ شک نابەم
دڵێکی پڕ لە میهری تۆ
ئە تۆی تەک دۆستی یا نامۆ

زمانی ئاگر و ئاسن
زمانی تووڕەیی و قین و زمانی قەهری چەنگیزە
وەرە رۆنێ ، بڵێ، ببیەقسە ، بەشکا
ترووسکەی پیاوەتی و ئینسانیەت
رێگەی دڵی تاریکی تۆ گەش کا

ئەگەر تۆ پێم دەڵێی کاکە
وەرە پاڵت وەپاڵم دە
وەرە و دەستت لە چەک بەردە
هەتا دە رچێ لە ناو لەشتا
هەناوی دێوی ئینسانکوژ

لە رێگە و رەسمی ئینسانی
دە تۆپێم بێژە چت زانی
ئەگەر گیانە و خودا داویە
لەبۆ تۆ لێمی دەستێنی
چما کاتێ کە ئاگادار و سەرخۆنی
برای خوێنی
لە خاک و خوێن دەگەوزێنی

بڵێین با هەر دەم و ساتێ ئەتۆ حەقبێژ و حەقخوازی
بڵێین با حەق  بە تۆش بووبێ
بەڵام حەق ئەی برای ژیرم
لە ناو قوڕگی چەکی ئاگروەشێن
جارێ نەکەوت گیرم

ئەگەر هات و لەسەر ویژدانی نوستووت
لادرا پەردە
وەرە و دەستت لە چەک بەردە

هۆنراوەی فریدون مشیری
وەرگێڕانی ناسری حەقیقی